# ئەحمەد مەلەک ماڵئاوا



بەداخ و خەمێکی قوڵەوە رۆژی(2/6/2007) بەهۆی کارەساتی هاتوچۆ کارمەندی دڵسۆزی دیوانی وەزارەت (ئەحمەد مەلەك) ماڵئاوایی یەکجاری لێکردین.

(ئە حمە د خضر محمد) ناسراو بە(ئەحمەد مەلەك)لە ساڵی(1953)لە گوندی(مەلەکان)ی سەر بە شارۆچکەی(خەلیفان) لە باوەشی بنەماڵەیەکی رەنجدەر و نیشتمانپەروەر لە دایك بووە،لە شاری هەولێر دەستی کردووە بە خوێندن، هەژاری و کەمدەرامەتی رێگەی پێنادەن درێژە بە خوێندن بدات و بە ناچاری دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی، دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و رووەدەکاتە کارو کاسبی بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان.

لە هەرەتی لاویدا وەکو لاوێکی نیشتمانپەروەر لە ساڵی(1974)دا دەچێتە ریزی شۆڕش و وەکو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز بەشداری شۆڕشی ئەیلول دەکات. لە دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی(1975)دا بۆ ماوەیەك ئاوارەی(ئێران) دەبێت. تا لەکۆتایی(1976) دەگەڕێتەوە شاری هەولێرو دەست دەکاتەوە بەکار و کاسبی کردن و لە رۆژی (1976/10/25) وەکو فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی هەولێر دادەمەزرێت، لەگەڵ دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگوازرێتەوە بۆ دیوانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن. (ئەحمەد مەلەك) کارمەندێکی دڵسۆز و لێهاتوو بوو، مرۆڤێکی روخۆش و قسەشیرین بوو، ئەمانەش وایانکردبوو ببێتە جێگای رێز و خۆشەویستی دەوروبەرەکەی.



بەڵام مەخابن لە رۆژی (2/6/2007) بەهۆی رووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەستدا و ماڵئاوایی یەکجاری لێکردین، کەجێگای داخ و خەمی قوڵی هەمووومان بوو.